گۆران ڕەسـوول زەوقـە

# کلکی کتکی پرسیارە




**ئەوەندەی پێویستم بە شیعرە**

**هێندە پێویستم بە هەناسە نییە**

ئەوین مـرۆڤـەکـان ناکـوژێت بـەڵکو لەسـەر لێـواری نێـوان ژیان و مـەرگ ڕایاندەگـرێت، عـەشق ژیان و مـەرگـە لـەیەک کـاتدا وەلێ ئەوەی بـەهـانـای ئەویندارەوە دێت شیعرە، ئاخر شیعر بـۆ مـرۆڤ خـوێنـە، هـەناسـەیە، گلێنەیە،......

تۆ بڵـێی بـەهەشـتی شـاعـیـران هـەمـان بەهەشـتی مرۆڤـەکـانی دی بێت؟! ئاخر ئەوەی کە شاعیر دەیەوێ تەنیـا وشـەیە. هەمـوو شـاعـیـرێک ڕازییە بەوەی کە زیندانی بکرێت نەک وشەی لێ وەرگیرێتەوە. (جیاوازییەکی

سـەرەکی نێوان بەکارهێنانە پراکتیکیـەکەی زمـان و بەکارهێنانە ئەدەبییـەکەی، ئەمەیە کە لەئەدەبدا بـەتایبـەتی شـیـعـر، وشـەکـان بە تەواوی بەکـاردەهێنرێن. ڕوانیـنێک بۆ پێکهـاتی وشـەکان، تێگەیشتن لەم مـەسـەلەیە ڕونتر دەکـاتەوە) ١ , پێمـوایە تـەنیـا شـیـعـر دەتوانێ هـەموو واتاکان لە باوەش بگرێ.

زەمین ئی کەروێشکان بوو

مرۆڤ هـات و لێی زەوت کردن ل ١١٣

گـەورەترین ئەرکی شیعر ئەوەیە کە مەبەسـتێکی زۆر لـە دەربڕینێکی کورتا بڵێ. ڤـۆڵتێر دەیگوت: (شـیـعـر گـەورەیەکی هـەیە ئەویش ئەوەیە بە وشـەی کـەمـتـر لە پەخـشـان زیاتر دەڵێت)، وەلێ عـەباسـی شـاعیر نەک هـەر ئەو بیـرۆکەی ڕەچاوکـردووە بەڵکو ترسیـشی لە درێژدادڕی کردووە و هێندەشی ڕازاندۆتەوە دەڵێی گوڵ و گوڵزار دەنووسێتەوە. هەرچەندە شیعر ئامانجە و هەوڵی شاعیر گەیشتن بە و ئامانجەیە وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج درێژترین مـاوەی مانەوەی هێزی شیعرەکەیە. ئەوەی لەمـەودوا باسی دەکەم هەندێ سەرنجی بچووکن:

کەرێک دەحەپێ

بە حەپینەکەی

گوڵی دەمەشێر دەپشکوێ ل ٢٥

کەر دەزەڕێ وەلێ ئەوەی دەحـەپێ سـەگە. ئاخر هەر گیـانداریک دەنگێکی تایبـەتی خـۆی هـەیە وەک میـاوەمیـاوی پشیلە و قیـڕەقیـڕی بۆق و گمـە گمی کـۆترو قـاسپـەی کـەو و چەهـ چەهـەی بولبول و لوورەی گورگ و....

(شە) ش

پێش لە تۆ حەژ لە ئاوێنە دەکات ل ٧٩

ئەم (لە) یەی پێش تۆ سـەرەڕای ئەوەی کـە زیادەیە تۆنی شـیـعـرەکەشی ناخـۆش کـردووە. خـاڵێکی هـەرە گرینگ لە شیعردا ئاوازەکەیەتی، شیعری بێ ئاواز وەک بەهارێکی بێ گوڵ وایە. هەر لە بارەی ئاوازی شیعریشەوە لۆرانس پیرین دەڵێ: (ئەرکی تایبەتیی شیعر وەک شـتێک جـودا لە مـۆسـیـقـا گـواسـتنەوی کێش و ئاواز نیـیـە، بەڵکو گـواسـتنـەوەی مـانا یان ئەزموونە، بەهۆی ئاوازەکانەوە)٢.

شیعرەکانمی

لێک شێواند و

نوودەقی پێ بەخشیم ل٣٩

بۆ ئەوەی جوانتر و ڕاستر و بۆ گوتنیش خۆشتر بێت دەبوایە بڵێت: نوودەقێکی پێ بەخشیم.

«هەوکە، سەرک، کۆرە، بویتە، هەڵگۆت، قەردار، کێهەیان، هەندی، شە، دەیهاوێتە،...»

ئەوەی کە شیعر قورس دەکا زمانی ناوچەییە، ئاخر شیعر دەبێ بە زمانێکی باڵا بنووسرێت وەلێ زمانی ناوچەیی قسەی کۆمەڵە خەڵکێکی شارێک یان ناوچەیەکە ڕەنگە لە هەندێ ناوچەی تر هەر نەبن و نەبیسترابن. دەشێ کە نووسران هاوواتاین یاخود ڕوونکردنەوەیان بۆ بنووسرێ، وەک چۆن شاعیر بۆ وشەی (مۆزیقا) لە کۆتایی کتێبەکە لەگەڵ چەند دەستەواژەیەکی دی کردوویەتی. ئەم وشانەی سەرەوەش زمانی ناوچەیی شاعیرن.

مرۆڤ گورگە

مرۆڤ سەگە

مرۆڤ مارە

مرۆڤ مەیموونە

مرۆڤ لەوانە خراپترە

حاشاکی ئەو بەڕێزانە ل ٤٩

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شاعیری چاک ئەوەیە کە سڵ لە هیچ یاسا و ڕێبازێک نەکاتەوە، وەک چۆن ئەوین لەسەرووی هەموو یاسایەکەوەیە شیعریش هەروا، ئاخر شیعری پاک سەربەخۆیە و سەربەخۆییش دەدا بە شاعیر.

بارانیش

بە ژەنگان بۆی بۆیە دەکا ل ١٢٤

ناتەواوییەک لەو (ان) ەی ژەنگان دەبینم ئاخر وەک چۆن (مرۆڤ) بەتەنیا هەم واتای تاک و هەمیش کۆ دەدات بۆ ژەنگیش هەروا. گەر بنووسرێت یان نا هیچ گۆڕانکارییەکی ڕێزمانی و واتایی ڕوونادات. (باران بە ژەنگ بۆی ڕەنگ دەکرد).

ئەمە چ ماکیاجێکە؟!

بڕۆی پێ جۆش داوە ل ١٢

فرمێسک بوو

نەیهێشت چاوە جوانەکانی

نوقمی ماکیاژ بن  ل ٤٢

ئەرێ لە (ماکیاج) و (ماکیاژ) کامەیان ڕاستترە؟

ئامێر، خزمی مرۆڤن ل ٩٣

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە لە ڕێزمانی کوردیدا گەر بکەر کۆ بێت فرمانیش کۆ دەبێت بۆ تاکیش هەروا بۆ نموونە:

گەڵاکە هەڵوەری.

گەڵاکان هەڵوەرین.

کەوایە کە ئامێر تاکە ئەم (ن) ی کۆیە چییە بە مرۆڤەوە نووساوە؟ بۆیە ڕاستتر بوو بنووسرێت

ئامێر خزمی مرۆڤە یان ئامێرەکان خزمی مرۆڤن.

«ڕەنگ زەق، تیشکی زەق، دەنگی زەق» بەستنەوە و دانەپاڵی ئەم هەموو وشەیە بە (زەقە)ـەوە هەم زەق ماندوو دەکات و هەم شیعر و خوێنەریش.

سەرکە بتێکی بەردە

سەرکۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایین بوو ل ١١

لە دێری یەکەمدا شاعیر لە ئێستا و لە دێری دووەمدا لە ڕابردوو دەدوێ کە هەردووکیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە واتا و فۆرم هەیە.

سەرکە بتێکی بەردە

سەرکۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایینە

هەروەها (سەر)ی دووەم زیادەیە چونکە تۆ هەر باس لە (سەر) دەکەی واتا بەم شێوەیە:

سەرکە بتێکی بەردە

کۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایین بوو،